**سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران**
**ژمارە: ٣٧٢٠ لە ٢٠٢٥/٣/٢٤**

**بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران**
**ژمارە (٢٧٦) لە ٢٠٢٥/٣/١٢**

پشتبەست بەحوکمەکانی ماددەی (هەشتەم) لە یاسای ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان-عێراق ژمارە (٣)ی ساڵی ١٩٩٢ هەموارکراو، و لە سەر پێشنیاری وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی بەنووسراویان ژمارە (N ٢٤-٨٩٨) لە ٢٠٢٤/١٠/٦، و نووسراوی وەزارەتی دارایی و ئابووری ژمارە (١٦٥٣٦) لە ٢٠٢٤/١٢/١٦، و ئاماژە بە کۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (١٤٨) لە ٢٠٢٥/٣/١٢، ئەنجومەنی وەزیران بڕیاری دا بە:

١- لێخۆشبوون لە گەڕاندنەوەی بڕی پارەی پێشینەی هاوسەرگیریی ماوە بۆ سوودمەندانی کەمئەندامان کە پێش ساڵی ٢٠١٣ پێشینەی هاوسەرگیرییان وەرگرتووە.
٢- گشت وەزارەت و لایەنەکانی نەبەستراو بە وەزارەت ئەم بڕیارە جێبەجێ دەکەن لە ڕۆژی دەرچوونییەوە و لە ڕۆژنامەی (وەقایعی کوردستان) بڵاودەکرێتەوە.
٣- وەزارەتی دارایی و ئابووری و وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی ڕێنمایی پێویست بۆ ئاسانکاری جێبەجێکردنی ئەم بڕیارە دەردەکەن.

**مەسرور بارزانی**
**سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران**